# حیزب و کۆمەڵگا:

## لە گروپی فشارەوە بۆ حیزبێکی سیاسی

منصور حیکمت

((ئەم نووسراوەیەی خوارەوە لە سەر بناغەی کورتەی بەشی یەکەمی قسەکانی نووسەر لە پلنیۆمی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئیران لە نۆڤەمبەری 1998دا، ئامادەکراوە. لێرەدا سەرباری هەندێ روونکردنەوەی ئیزافیو تەکمیلی، سەرباسی "حیزب، حیزبییەتو دەسەڵاتی سیاسی" خراوەتە سەر ئەم دەقە. ئەم باسە لەبنەڕەتدا پێشەکییەک بوو بۆ باسێکی دووردرێژترو موشەخەستر لەم پلنیۆمەدا لەبارەی لایەنە تەشکیلاتیو شێوەکارییەکانی هەڵسووڕانی حیزبەوە، کە ئەم بەشەیان لەم دەقەدا نەهاتووە.))

#

لەم کۆبوونەوەیەدا دەمەوێ لەبارەی ئاسۆی هەڵسووڕانی حیزبەوە قسە بکەم. کۆمەڵێك جەبهەو ئەرکی تازەمان لەبەردەمدایەو دەبێ تەعەهوداتێکی هاوبەش لەبەرامبەریاندا قبووڵ بکەین. پێویستە لەسەر ئەوە رێك بکەوین کە چۆن دەمانەوێ رووبەڕووی ئەم مەسەلانە ببینەوە. ئێمە دەبێ چاوەڕوانییەکی تازەمان لە خۆمانو کارەکانمانو حیزبەکەمان هەبێت. هەندێك لەم چاوەڕوانییانە لایەنی چۆنایەتی هەیەو هەندێکیشی چەندایەتی. هەم دەبێ پێبنێینە ناو کۆمەڵێك مەیدانی تازەوەو هەم تەوژمو خێرایی هەڵسووڕانو جموجۆڵی خۆمان زیاتر بکەین، چونکە مەسەلەکانیش لەدەرەوەی ئێمەدا تەوژمیان وەرگرتووە. دەبێ مەوداو ئەبعادی هەڵسووڕانی خۆمان زۆر فراوانتر بکەینەوە.

رێگایەکی بیست ساڵە

هاوڕێیان، ئەمڕۆ بە چەند هەفتە پێشو پاشەوە یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (اتحاد مبارزان کمونیست)ە. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی هەیە بە باسەکەی ئەمڕۆمەوە، چونکە دەمەوێ رێگایەك کە لانی کەم لە مێشکی مندا وەکو کەسێکی سۆسیالیست لەم بیست ساڵەدا، لە دامەزراندنی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە تا ئەمڕۆ، بڕیوومانە روون بکەمەوە، رەنگە بەمە بتوانم باسەکەم مەفهومتر بکەمەوە. بەڵام سەرەتا رێگەم بدەن لێرەدا پیرۆزبایی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە هاوڕێ حەمیدی تەقوایی بکەم. ئێمە ئەم دووانە یەکێتی تێکۆشەرانیکۆمۆنیستمان دامەزران. بەڵام بۆ من ئەوە زۆر رۆشن بوو کە ئەگەر من نەبووایەم حەمید هەر ئەم کارەی ئەکرد، بەڵام ئەگەر ئەو نەبووایە من خۆم ئەم کارەم نەئەکرد. دەمەوێ ئەوە بڵێمو جەختی لەسەر بکەم کە قەدردانیی من لە هاوڕێ حەمیدی تەقوایی بێپایانە (چەپڵەی دووردرێژی ئامادەبووان).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەڕوانگەی منەوە لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا ڕێگایەکمان بڕیووە کە تایبەتمەندیی و خاڵی وەرچەرخانەکانی لەڕووی سیاسی، تیۆریی و میتۆدۆلۆژییەوە دەکرێ روونبکرێتەوە. ئەمە ڕێگایەکە کە بەبڕوای من دەبێ بەهۆشیارییەوە درێژەی پێبدرێت. دەرکی بکەین. وەبەتایبەتی پێم وایە دەبێ هەمیشە قۆناغەکانی دواتری بدۆزینەوە. چونکە راوەستان لە خاڵێکدا، لەکاتێکدا هەلومەرجی بابەتیی و پێداویستییەکانی گەشەی بزووتنەوەکەمان دەگۆڕێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینسان دوابکەوێت و تەریك بکەوێتەوە. هەر بزاوتێکی سیاسی دەبێ لەگەڵ مێژووی خۆیی و شانبەشانی مێژووی سەردەمی خۆی بچێتە پێشەوە. دەبێ ڕێچکەیەك بۆ خۆی دیاری بکات.

بەبڕوای من ئەمڕۆش لەبەردەروازەی قۆناغێکی تازەی ئەم ڕێچکەیەداین. لەم قۆناغە تازەیەدا چاوەڕوانیی تازەو ئەرکی تازەمان بۆ دێتە پێشەوە. ئامادەکردنی خۆمان وەکو کەسانێکی دیاریکراو بە پێشینەو کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکراوەوە بۆ پێشوازیکردن لەو ئەرکانەی کە ئەم قۆناغە تازەیە دەیخاتە ئەستۆمان، پێویستی بەوە هەیە کە روحی ئەم قۆناغە تازەیە دەرك بکەین و خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین. ئەگەر بمانەوێ ناوێك لەم قۆناغە بنێین، رەنگە بتوانین بڵێین ئەمە قۆناغێکە کە ئێمە تیایدا خەریکین پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵگا ئەدۆزینەوە. قۆناغێك کە تیایدا لە پەیوەندی نێوان حیزبی کۆمۆنیستیی و کۆمەڵگا ورد ئەبینەوەو دەمانەوێ میکانیزمەکانی کاریگەری دانانی حیزب و کۆمەڵگا لەسەر یەکتری زیاتر بناسین و بەدەستیەوەی بگرین.

لە سەردەمی ڕێك پێش شۆڕشی 57دا (شۆڕشی 1979ی زاینی ئێران–وەرگێڕ)، مەسەلەی سەرەکی لەبەردەم ئێمەدا، مەبەستم ئەو گروپەیە کە حەمیدی تەقوایی و من و هاوڕێیانێکی دیکە لەدەرەوەی وڵات هەمانبوو، مەسەلەی "کۆمۆنیزم و مارکس" بوو. بۆ ئێمە ئەو پرسیارە مێژینەییە لەگۆڕێ بوو کە مارکسیزم لەڕاستیدا چی دەڵێت و ئەو جەمسەرە کۆمۆنیستییانەی کە بەواقعی لەو کاتەدا هەبوون تا چ رادەیەك پەیوەندییان بە مارکسزمەوە هەبوو. لەڕوانگەی ئێمەوە کۆمۆنیزمی چین، سۆڤێت، ئەلبانیا، کۆمۆنیزمی ترۆتیسکیستەکان، کۆمۆنیزمی مارکس نەبوو. یەکەمین پرۆسەیەك کە ئێمە بڕیمان و دواتر خۆی لە کاراکتەری یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا بەرجەستەکرد، هەڵوێستەکردن و جەختکردنی ئێمە بوو لەسەر مارکسیزمی راستەقینەو شۆڕشگێڕ. خەسڵەتی جیاکەرەوەی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست مارکسیست بوونی ئەو بوو. مارکسیست بوونی دامەزرێنەرانی بوو. بە سەرهەڵدانی شۆڕش، پرسیاری پەیوەندی نێوان "کۆمۆنیستەکان و شۆڕش" هاتە ئاراوە. یان بەواتایەکی دیکە، پەیوەندی کۆمۆنیستەکانی ئێران بە شۆڕشی ئێرانەوە. سەرنجی ئێمە چووە سەر مەسەلەکانی ئەم مەیدانە. چینە کۆمەڵایەتییەکان لەم شۆڕشەدا چی ئەکەن، ئێمە دەبێ چی بکەین، هێزی شۆڕش لەکوێدایە، ماهییەتی شۆڕشەکە چییە. دەوڵەت چییە، بنەماکانی مامەڵەکردن لەگەڵ حیزبە بۆرژواییەکان کامانەن، مەسەلەی زەویوزار چ جێوشوێنێکی هەیە، شێوەی هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر دەوڵەتی کاتی، لەبەرامبەر رەوتی ئیسلامیی و باڵەکانیدا چییە، وە بەمانەیەك ئەم پرسیارەی کە وەکو کۆمۆنیست دەبێ لەم شۆڕشەدا "چی بکەین". ئەمانە ئەو مەسەلانە بوون کە چووینە سەریان. لەدرێژەی ئەم باسانەداو لەجەرگەی باسی شۆڕشداو لەسەر بنچینەی ئەو هەلومەرج و ئیمکاناتانەی کە شۆڕش هێنایە ئاراوە، مەقولەی حیزبی کۆمۆنیست هاتە ئاراوە. بەواتایەکی دیکە مەسەلەی "کۆمۆنیزم و حیزب" هاتە ئاراوە. تێزی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێمە ئەوە بوو کە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە، واتە بەرهەمی هەوڵو کۆششەکانی ڕێکخراوێکی مارکسیستی وەکو ئێمە لە جەرگەی شۆڕشدا، دەبێ پێکهێنانی حیزبێك بێت کە بەمانای واقعیی وشە، وەکو حیزبی چینی کرێکار، حیزبی کۆمۆنیست، سەیری شۆڕش بکات. ئەوەی کە دەبێ قۆناغی پێش حیزب کۆتایی پێبێت. ئەگەر لەبیرتان بێت ئەمە قۆناغێك بوو کە تیایدا قسەوباس لەسەر هەندێ پرسیاری لەم بابەتە چەقی بەست کە حیزب چییە، پێشمەرجەکانی چییە، بەرنامە چی جێگایەکی هەیە تیایدا، ڕەخنەی ئێمە لە تیۆری پەیوەند چییەو...تاد. بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست ئەم باسانە تێپەڕێنرا. دوای پێکهاتنی حیزب، مەسەلەیەك کە هاتەگۆڕ، مەسەلەی پەیوەندی نێوان کۆمۆنیزمو چین(گبقە-و)، یان حیزبو چین بوو. ئەوە شتێکی سروشتی بوو کە بە پێکهاتنی حیزب، مەسەلەی پەیوەندی حیزب لەگەڵ بابەتی کارەکەی لە کۆمەڵگادا، واتە چینی کرێکار بێتە ئاراوەو باسی ئێمە لەسەر پەیوەندی نێوان حیزبو چین چەقی بەست. ئەم باسانە لە باسی شێوەکار لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە لە کوردستان بەشێوەیەکی جدیو بەنووسراو دەست پێدەکاتو تا باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری درێژەی دەبێت.

بە هاتنەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری باسەکە لە پەیوەندی ڕێکخراوەیی-عەمەلی لەگەڵ چینی کرێکار واوەتر ڕۆیشت. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو دەستپێکردنی سەردەمێکی تازە کە بۆرژواکان ناویان لێنا "کۆتایی هاتنی کۆمۆنیزم". لە گەڕان بەدوای بنەماکانی بزووتنەوەکەی خۆمانو جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەو کۆمۆنیزمەدا کە خەریکبوون کۆتایی هاتنەکەیان ڕائەگەیاند، پەیوەندی نێوان کۆمۆنیزمو چینی کرێکار لەئاستێکی بنەڕەتیتردا بووە جێگەی سەرنجی ئێمە. پەیوەندی تیۆری لەگەڵ چین (گبقە-و)، پەیوەندی حیزب لەگەڵ چیندا، پەیوەندی مەسەلەی سۆڤێت لەگەڵ چینی کرێکاردا، پەیوەندی شکستەکانی پێشوو بە دابڕانی کۆمۆنیزم لە چینەکە، پەیوەندی حیزبو چین، ئەمجارەیان بەمانای یەکێتییەك کە حیزب دەبێ لەگەڵ چیندا پێکی بهێنێ، یەکگرتنی حیزب لەگەڵ چیندا، جێگای کرێکار لە حیزبدا، خەسڵەتی کرێکاریی خودی سۆسیالیزمو تەنانەت خەسڵەتی کرێکاریی تیۆری مارکسیزم. تیڕوانین بۆ مێژووی کۆمۆنیزمو سۆسیالیزمی هاوچەرخ لە دەریچەی ململانێی چینایەتیو ئینتیمای چینایەتی ئەو مەیلانەوە کە ئیدعای کۆمۆنیزم دەکەن، ئەمە لایەنە جیاجیاکانی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون. نازانم چەند کەس لە ئێوە لە سیمیناری یەکەمی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا (10 ساڵ بەرلەئێستا) ئامادەبوون. لەوێدا یەکێك لە باسە سەرەکییەکانی من ئەوە بوو کە مەقولەی کرێکار نەك وەك بابەتێکی کار، بەڵکو مەوجودییەتی کرێکار وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەجەرگەی تیۆری چەوسانەوەدا دەچێتە نێو بناغەکانی مارکسیزمەوە. مارکس سەرەتا کۆمەڵگای بەبێ چینەکان ڕاڤە نەکردووە تا دواتر چینەکان وەکو جەنگاوەرانێك کە ڕووبەڕووی یەکترین بکاتە نێو باسەکەیەوە. چین لەنێو خودی تیۆری چەوسانەوەی مارکسدایە. چین لەنێو خودی تیۆری گۆڕانی مارکسدایە.. چین لەنێو خودی تیۆری مەعریفەی مارکسدایە. ئەمە ئەو سەردەمە بوو کە ئێمە کۆمۆنیزمی خۆمان بە ڕۆشنی، بەشێوەی مانیفێست، بە کۆمۆنیزمی پرۆلیتاری، یان کۆمۆنیزمی کرێکاری پێناسە کرد. لە یەك قسەدا ڕەوتی جیابوونەوەی نەزەریی ئێمە لە میراتو مێژووی سۆسیالیزمی بۆرژوایی، لە ڕووی تیۆری، لەئاسۆی کۆمەڵایەتی ، لەبەرنامە، لە ڕوانین بۆ مێژووی کۆمۆنیزمو لە لێکدانەوەی ئێمە بۆ ئەرکە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پراتیکی‌یەکانی حیزبێکی کۆمۆنیستی، بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەکمیل دەبێت‌و ئێمە تازە لە خاڵی دەستپێکردنی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی دەخالەتگەر لەسەر بناغەی تێروانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری قەرار دەگرین. کارێك کە بەپێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەستمان پیَ‌ی کرد.
لە هەر دەورەیەکدا چەقبەستن لەسەر ئەم باسە تایبەتانە بووە مایەی بەهێزتر بوونمان. لە هەر دەورەیەکدا ئەم پرسیارە میحوەری‌یانەو ئەو وەڵامانەی کە دەیانخواست ئێمەیان دەبردە قۆناغێکی بەرزترو پراتیکێکی سیاسی بەهێزتر- چونکە ئەم پرسیارانە راست‌و مەوزوعی بوون‌و ئاوڕدانەوەی ئێمە لێیان ئەگەر کافیش نەبووبێت، لانی کەم لەڕووی جیهەتگیری‌یەوە دروست بووە. ئەمڕۆ، لەدرێژەی ئەو باسانەداو لەدرێژەی رەوتی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا کە بەرهەمی دانەدانەی ئەو باسانەو خۆ-رۆشنکردنەوانەیە کە ژماردمن، کۆمەڵێك پرسیاری تازە لەبەمبەرماندا قوت دەبێتەوە کەدەبێت بەهەمان شێوە، وەکو پێشووو بەهەمان گوڕوتین‌و جدییەتەوە وەلام لە ئێمە وەربگرنەوەو ئەم وەڵامانە ببنە رێنمای پراتیکی سیاسیمان. باسەکانی "حیزب‌و کۆمەڵگا"و "حیزب‌و دەسەڵاتی سیاسی" لەروانگەی منەوە ئەو باسانەن کە هەوڵ ئەدەن پەنجە بخەنە سەر ئاستەنگەکانی بەردەم بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە حیزبێکی پڕاوپڕی سیاسی‌و ئەم ئاستەنگانە لەسەر رێگای لابەرن.

## حیزب‌و حیزبییەت‌و دەسەڵاتی سیاسی

ئەمە یەکێك بوو لە باسە سەرەکی‌یەکانی بەرنامەکاری کۆنگرەی دووەم، ئەو شتەی کە رێکخراوێك دەکاتە حیزبێکی سیاسی‌و لە گروپەکانی فشار، کۆڕوکۆمەڵە فیکری، فیرقە عەقیدەییەکان، ناوەندە ئەدەبی‌و چاپەمەنییەکان‌و تۆڕی کۆڕوکۆمەڵەکان جیای دەکاتەوە، لەپلەی یەکەمدا پەیوەندی ئەو رێکخراوەیە بە دەسەڵاتی سیاسیەوە. چ وەکو چەمکێك لە بیرکردنەوەی ئەو رێکخراوەیەداو چ وەك واقعییەتێك لەژیان‌و پراتیکی ئەو رێکخراوەدا. مەبەستم لە دەسەڵاتی سیاسی تەنها دەسەڵاتی دەوڵەتیی نییە. تەنها گرتن‌و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتیم مەبەست نییە. ئەمەیان مەسەلەیەك نییە کە رۆژانە رووبدات. بەڵکو مەبەستم لە توانای رێکخراوێکە بۆ کۆکردنەوەی هێزو کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکدا. ئەوەی کە ئەم رێکخراوە ببێتە رێکخراوێکی ئەوتۆ کە قورساییەکی گەورەی هەبێت لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگادا. کاتێك دادوبێداد لە نەبوونی حیزبی چینی کرێکار لەکۆمەڵگایەکدا ئەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە هیچ جۆرە گروپێکی کۆمۆنیستی لەو کۆمەڵگایەدا نییە، بڵاوکراوەو رادیۆی کۆمۆنیستی تێدا نییە، کۆڕوکۆمەڵ‌و تۆڕە سۆسیالیستییەکانی کرێکاران‌و گرێخواردو لەگەڵ رێکخراوە چەپ‌و کۆمۆنیستەکان لەو کۆمەڵگایەدا نییە. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە چینی کرێکار بێبەشە لە حیزبێك کە لەمەیدانی سیاسەتی سەراسەریدا، لە ململانێ‌ی دەسەڵاتدا، نوێنەرایەتی بکات‌و رێکی بخات‌و هێزی ئەم چینە وەگەڕبخات‌و رێنوێنی بکات. بەبڕوای من پەیوەندی هەر رێکخراوێك بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، پێوەری حیزبی بوون‌و نەبوونی کاراکتەری ئەو رێکخراوەیە. حیزب هەر ئەوە نییە کە رێکخراوو گروپێکی سیاسی‌و فیکری



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەڕووی چەندایەتییەوە ئەوەندە گەشەی کردبێت کەسنوورێکی دیاریکراوی تێپەڕاندبێت. حیزب ئەو ڕێکخراوەیەیە کە چووەتە نێو مەیدانی ململانێی دەسەڵاتەوە. چووەتە نێو گەمەی سیاسەتەوە لەئاستێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەو ڕێکخراوو دامەزراوەی کە لەدەرەوەی گەمەی سیاسەتی سەراسەریو لەدەرەوەی ململانێی واقعی لەسەر دەسەڵاتو دیاریکردنی دەسەڵاتداران لە کۆمەڵگادا دەژی، ئەو ڕێکخراوەیەی، کە چ بەپێی بڕیاری هۆشیارانەی خۆی بێت یان بەهۆی تایبەتمەندییە چەندایەتیو چۆنایەتییەکانی خۆیەوە بێت، بکەوێتە دەرەوەی ئەم ململانێیە، حیزبێکی سیاسی نییە. لەسبەینێی 22ی بەهمەنی 57 (مەبەست لە شۆڕشی 1979ی زایینی ئێرانە–و) هێزێکی مەزن لەدەوری فیدائی (چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران– ڕێکخراوێکی چەپ بوو لەوسای ئێراندا–و) کۆبووەوە. بۆ حیزبێکی سیاسی ئەم هێزە ئامڕازی دەخالەت کردنە لە دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵات لە دەورەیەکی دیاریکراودا. یان لەم کارەدا سەرئەکەوێتو هێزهاوسەنگییەکی نوێ دێنێتە ئاراوە، یان ئەم هێزە بۆ دەورەیەك لەدەست ئەدەیت. فیدایی سەرباری نفوزە فراوانەکەی لەدوای شۆڕشدا، بەڵام روخسارو تایبەتمەندییەکانی حیزبێکی سیاسی نەبوو. فیدایی سەرەنجام گروپێکی فشار بوو بەسەر بزووتنەوەی میللیو حیزبە ناسیۆنالیستە سەرەکییەکانەوە لە ئێراندا. نەئاسۆی حیزبێکی سیاسی هەبوو، نەشانوشەوکەوتی ئەوی هەبوو، نەرەفتاو ئامانجەکانی ئەوی هەبوو. لقوپۆپە جیاجیاکانی فیداییو ئامۆزاکانیان لە راهی کارگەر (ڕێگای کرێکار–و)و گروپەکانی دیکەی وەکو ئەو، ئەمڕۆش هەر ئەوەن: گروپی فشار بۆ سەر حیزبە سەرەکیترەکانی نێو کۆمەڵگا.

پەراوێز کەوتنی ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان لە ململانێی دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگادا، ئێستا ئیتر لای هەمووان بووەتە شتێکی بەڵگەنەویست. تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر وانەبێت دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی چاودێران. بۆ زۆر کەس، بەتایبەتیو بەرلە هەرکەسێك بۆ خودی رابەرانو هەڵسووڕاوانی ئەم ڕێکخراوانە، کۆمۆنیزم نەك رەوتێکی خوازیاری دەسەڵات، بەڵکو فیرقەی ئەو کاهینانەیە کە ئاگری مەشخەڵی حەقیقەتە چینایەتیەکانو ئامانجە ئینسانییەکان بۆ نەوەکانی ئایندە بە گەشاوەیی ئەهێڵنەوە. خزمەتکارانی سورپۆشو متەوازعو بێئیدعای پەرستگای مێژوون، قوربانیانی هەمیشەیی کۆنەپەرستین، زیندانیانی سیاسی ئەبەدین، کەسانێکن کە هەمیشە راستیەکانیان بەو جەماوەرە وتووە کە گوایە ئەوان هەمیشە ڕێگایەکی دیکەو رابەرانێکی دیکەیان هەڵبژاردووە.

دیدی مارکسیستی، دیدی کۆمۆنیستی کرێکاری، بۆ تەحەزوب ئەمە نییە. ئەرکی ئێمە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکارییە. لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا ئێمە بڵاوکراوە مارکسیستییەکانمان دەرکردووە، ئاڵای ئامانجو بەرنامە کۆمۆنیستییەکانمان هەڵکردووە، ڕێکخراوەگەلی گەورەو بچووکمان دروست کردووە، دیعایەو تەحریزی کۆمۆنیستیمان کردووە. بەڵام ئەرکی ئێمە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسییە کە لەچەقی ململانێی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگادا ئاڵای کرێکار، ئاڵای یەکسانیخوازیو ئازادیخوازی هەڵبکاتو بەشێوەیەکی بابەتی خۆی لایەکی ئەم ململانێیە بێتو شانسی سەرکەوتنی هەبێت لەم ململانێ سیاسیەدا. کۆمۆنیزم بۆ گۆڕانکارییە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆڕینی کۆمەڵگای بۆرژواییش واپێویست ئەکات کە چینی کرێکار لە ململانێی دەسەڵاتدا سەرکەوێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ ببێتە حیزبێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا. ئەم بیرۆکە سەرەتاییو بەڵگەنەویستەی مانیفێستی کۆمۆنیست، وەك هەموو بیرۆکەکانی مانیفێست، وەك دیدی رەخنەگرانەی مارکس، دەبێ لەژێر وێرانەی تەحریفات دەربکێشرێتە دەرەوە. هەر ئەو بۆچوونە دزێوانەی کە شۆڕشی کۆمۆنیستیو کۆمەڵگای سۆسیالیستییان حەواڵەی ئایندەیەکی دوورو دنیایەکی دیکە کردووەو ئینکارییان لە دەمودەستیو مەتڵوبییەتو ئیمکان بوونی ئەمڕۆی ئەو کردووە، تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاری، واتە خۆنواندنی کۆمۆنیزمی کرێکارییشیان وەکو حیزبێکی سیاسی خوازیاری دەسەڵات، بەشێوەی جۆراوجۆر رەتکردۆتەوەو بە نامومکینو نامەتڵوب لە قەڵەمیان داوە.

بەڵام ئەوەی کە مانا دەبەخشێتە هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی ئێمە، رێك هەر ئەم پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەیە کە لەئاستی هەموو کۆمەڵگادا، لە مەیدانی ململانێ لەسەر یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگادا، خۆی بنوێنێ. حیزبێك کە کرێکارو، هەر ئینسانێکی لایەنگری ئازادیو یەکسانی، بتوانێ پێوەی پەیوەست بێتو لەوە دڵنیابێت کە لەرێگای ئەوەوە دەتوانێ بەکردەوەو بەواقعی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکەی خۆی، دەوروبەرەکەی خۆیو چارەنووسی ئینسانەکانی سەردەمی خۆی دابنێت.

ئەگەر شتێك بیەوێت ناوەڕۆکی هاوبەشی قۆناغە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی ئێمە لەم بیست ساڵەدا بەیان بکات، هەوڵدانە بۆ قەوارەدان بە کۆمۆنیزمێکی کرێکاری کە نەك لە پەراوێزی کۆمەڵگا، بەڵکو لە چەقی سیاسەتی کۆمەڵگادا، لە جەرگەی جەنگی دەسەڵاتدا، چینی کرێکار بهێنێتە مەیدانو نوێنەرایەتی بکات.

### میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات

چوونە سەر باسی دەسەڵاتی سیاسی لەپلەی یەکەمدا مەقولەیەکی کۆمەڵایەتیە، ململانێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی داهێنانی کۆمۆنیستەکان نییە. کۆمەڵگا بۆ دەستاودەست پێکردنی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵێك میکانیزمی هەیە. دیعایەو وروژاندنو سازدان داهێنانی مارکسیزم نییە. زەبروزەنگ، خرۆشان، یاخی بوون، جەنگ، هیچ یەکێك لەمانە داهێنانی سۆسیالیزمو بزووتنەوەی سۆسیالیستی نییە. دەوڵەت، سەرنگونیو شۆڕش، هیچ یەکێکیان داهێنانی کۆمۆنیستەکان نییە. ئەمانە دیاردەو میکانیزمی کۆمەڵایەتین، ئەوە تایبەتمەندییە بابەتیەکانی کۆمەڵگایە کە بە کۆمۆنیستێك دەڵێت چۆن دەکرێت دەسەڵات بگریت، کەیو لە چ کاتێکدا دەکرێ دەسەڵات بگریت، لە چ سەردەمانێکدا دەتوانرێ بیگریت، نەك بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراوو رێورەسمو ئەوشتانەی لای ئێمە خۆمان پەسەندە. ئێمە داهێنەری مەنجەنیقە سیاسییە تازەکان نین بۆ گرتنی قەڵاکانی مێژوو. ئەگەر بەدەستهێنانی دەسەڵات مەسەلەی ئێمەیە، یەکەمین پرسیار ئەمەیە: میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات، میکانیزمەکانی بەهێزبوونو سەرکەوتن لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا، لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا چییە؟ ئەمە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باسێکی زۆر مەلموسە. ڕێگە بدەن بپرسین لەم دنیایەدا چۆن دەکرێت قسە بۆ ئینسانگەلێکی زۆر بکرێت. چۆن دەکرێت ئینسانگەلێکی زۆر یەکگرتووو ڕێکخراو بکرێت. چۆن دەکرێت بزووتنەوەیەك دروست بکرێت کە کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی ئینسانەکان لەئاستێکی فراواندا دابنێت. چۆن دەکرێت بچیتە شەڕی بیروبۆچوونی زاڵ. ئەم بیروبۆچوونە زاڵە لەجیهانی ئەمڕۆدا چۆن دروست دەکرێت‌و خەڵکی پێ قانع دەکرێت. میکانیزمەکانی کامانەیەو چۆن دەکرێ بچیتە جەنگیان. چۆن دەکرێت لە جیهانێکدا بەم تایبەتمەندی‌یە بەرهەمهێنانەوە، بەم تایبەتمەندی‌یە سیاسی، سەربازی، ئینفۆرماتیك، کەلتووری، تەعلیمی‌یەوە، ببیتە هێزێك کە بتوانێ کاریگەری لەسەر ژیان‌و ئیرادەی ملیۆنەها ئینسانی ئەندامی چینی کرێکارو، ئەو جەماوەرە فراوانەی خەڵك دابنێت کە ئازادی‌و یەکسانی‌یان دەوێت، وە بیانهێنێتە مەیدان‌و بە ئاراستەیەکی ڕاستدا ڕێنوێنی‌یان بکات؟ ئەگەر حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکاری بیەوێت کارێك لەم دنیایەدا بکات، دەبێ بەهێز بێت، دەبێ بەهێز ببێت، دەبێ ئەوەندە بەهێز ببێت کە بۆرژوازی ئەمڕۆ لەجیهانەکەی خۆیدا بەشکست بهێنێ. ئەمە قسەی دێرینی مارکسە کە بۆ گۆڕینی شتێك، تەنانەت بۆ نابودکردنیشی، دەبێ بزانیت چۆن کار دەکات. دەبێ یاساکانی حەرەکەتی بناسین. ئەوە ئێمە نین بڕیار ئەدەین کە چۆن دەکرێت لەجیهانی ئەمڕۆدا ببینە هێزێکی بەتوانای سیاسی. خودی کۆمەڵگا بەپێی تایبەتمەندی‌یەکانی میکانیزمەکانی ژێرەوژوورکردنی خۆیشی دیاری دەکات. دەبێ ئەم میکانیزمانە بناسین. ئەو میکانیزمانەی کە ڕێگە بە ئێمە، بزووتنەوەو حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەدات کە گەشە بکەین، نفوز پەیدا بکەین، هێز کۆبکەینەوە، شۆڕشی پێ‌بکەین، دەسەڵات لەدەستیان دەربێنین‌و، بەرنامەی خۆمان پیادە بکەین.

کاتێك قسە لە میکانیزمەکانی خودی کۆمەڵگا ئەکەین مەبەستم لە میکانیزمە قانوونی‌یەکانی کۆمەڵگا نییە. ڕاپەڕین‌و شۆڕش میکانیزمەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخن بۆ گۆڕانکاری. خرۆشان، یاخی بوون، جەنگ، میکانیزمەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخن بۆ گۆڕانکاری بەڵام دەرمانخواردکردنی نەیاران لەدەعوەتی نان خواردندا، شێوازێکی گونجاوی ئەم کۆمەڵگایە نییە. لەکاتێکدا کە مەئمونی خەلیفەی عەباسی دەکرا چەندین جار ئەم شێوەیە بگرێتە بەر. لە سلسلەی سەربەداران، هەڵبەتە مەبەستم گروپی یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران نییە، یەکێك لە پادشاکان ئاوا دێتە سەر کار کە میر بە چەقۆی قەسابییەکەی  دەکوژێت‌و خۆی دەکاتە پاشا. بەڵام ئێمە ئەم ڕێگایانەمان لەپێش نییە. ئێمە خەریکە ئەچینە ناو دەورەیەك لە ژیانی حیزبەوە کە مەسەلەی نفوزی سیاسی لە کۆمەڵگادا، ئامادەبوون لەشەڕی دەسەڵاتداو بەدەستەوە گرتنی ئامرازەکانی گواستنەوەی هیز لە کۆمەڵگادا، بەشێوەیەکی جدی بۆمان دێتە پێشەوە. ئەو ئامرازو قەڵەمڕەوانەی کە بەپێی تایبەتمەندی‌یەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بەدەستەوە گرتنیان‌و چوون بۆ ناویان بۆ هێزێك کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا خەبات ئەکات، خۆلادانی تیا نییە، ئێمە لەئێستادا نەختێك دەستمان بۆ ئەم ئامرازانە بردووە، بەڵام وادێتە پێش چاو کە جاروبار لە توانای خۆمان سەرسام‌و تەنانەت نیگەران ئەبین. لەسەرکەوتنەکانی خۆمان ئەترسین‌و ڕائەکەینەوە بۆ ماڵ‌و لەپشتی دایکمانەوە خۆمان حەشار ئەدەین. هەندێ کەس هەست بەنامۆیی ئەکەن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ ئەم جموجوڵ‌و خۆنواندنە سیاسییەدا، کۆمۆنیزمێك کە لە گەرەك‌و کۆڕوکۆمەڵەکاندا دیعایەو تەحریز دەکات، کۆمۆنیزمێك کە لە مەوعیدە ڕێکخراوەییەکان‌و کۆبوونەوە بچووکە نهێنی‌یەکاندا ئامادەیە، بۆیان ئاشناو خۆییە، بەڵام بەو کۆمۆنیزمەی کە ئالاکەی خۆی لەناوەڕاستی شار دابکوتێت، کۆمۆنیزمێك کە وەها هەمووان ببینن‌و بەرەسمی بناسن کە ئەو کرێکارەیش کە حیزب لە کۆلانەکەیاندا نییە راستبێتەوەو بیەوێت بەم کۆمۆنیستانەوە پەیوەست بێت، عادەتیان نەکردووە. بەڵام لەدەرەوەی ئەم پەنجەرەیەدا جەنگی دەسەڵات هەموو رۆژێك لەئارادایەو، هەمیشە کەناڵ‌و شێوازی تازە لەم جەنگەدا پەیدا دەبێت. دەخالەتکردنی ئێمە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەوە دەخوازێت کە ئێمە بچین بە شوێن میکانیزمە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا. ناسین‌و لەویش گرنگتر بەدەستەوەگرتنی ئەم ئامرازو شێوازانە بێگومان شتێکی سادە نییە. بەڵام دەستنیشانکردنی ئەو شێوازانەی کە بێ‌هیچ دوودڵییەك بەکار حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری سەردەمی ئێمە نایات کارێکی زۆر دژوار نییە.

"نەریتی کلاسیکی کۆمۆنیستی" یان میراتی سەرکوت‌و تەریك کەوتنەوە

هەر حیزبێکی کۆمۆنیستی تا نەبێتە حیزبێك کە دەست بۆ ئەم شێوەو شێوازە کۆمەڵایەتی‌یانە ببات بەدەسەڵات ناگات. لەلایەکی دیکەشەوە لە هەموو رەوتەکانی دیکە بۆ دەستبردن بۆ ئەم ئامرازانە نائامادەترەو توانای کەمترە. ئەوەی کە بەسەر کۆمۆنیزمدا هاتووە ئەوەی کە بۆرژوازی توانیوێتی بەسەپاندنی چەندین شکست‌و سەرکوت‌و گوشاردانانی رۆژانە لەسەر کۆمۆنیستەکان، کۆمۆنیزم، واتە یەکێك لە حیزبەکانی خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا کە سەدوپەنجا ساڵ بەرلەئێستا هەر بەم میکانیزمانە هەوڵی ئەدا کە دەسەڵات بەدەست بهێنێ، بکاتە فیرقەیەکی نیمچە-مەزهەبی پەراوێزکەوتوو کە ژیانی سیاسی خۆی لە گۆشەیەکی کۆمەڵگادا پێناسە دەکات‌و ناسنامەی خۆی لەو گۆشەیەدا پەیدا دەکات‌و لەبنچینەدا خۆی نایەوێ ئیتر لەم گۆشەیە بێتە دەرەوە. وەك ئەو ئۆرگانیزم‌و ڤایرۆسانەی کە لە سەهۆڵبەندانێکی گەورەدا خۆیان لەگەڵ ئەو سەرمایەدا رائەهێنن‌و بەزیندوێتی دەمێننەوە، بەڵام پاش تەواوبوونی سەهۆڵبەندانەکەو گەرم بوونی کەشوهەوا، ئیتر ناگەڕێنەوە بۆ خۆرەتاوو گەرما، بە سەهۆڵبەندان رادێن‌و ئیتر تەنها لەو کەشوهەوایەدا دەژین. ئەو ئیجبارە دەرەکی‌یەی کە رۆژێك ئەو ئۆرگانیزمەی ناچار کرد لەپێناوی مانەوەدا خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نالەبارەدا بگونجێنێ، دوای دوو سێ سووڕ (دەورە) دەبێتە شێوەی ژیانی زاتی (ژاتی) خودی ئەو ئۆرگانیزمە. دەبێتە بەشێك لە وجودی ئەو، نەریتی خودی ئەو، ناسنامەی خودی ئەوو ئیتر تەسەووری ژیانێکی دیکەی جگە لەمە دەبێتە شتێکی مەحاڵ. ئێمە کۆمۆنیستەکان لەژێر سەرکوتدا ژیاوین، پێیان وتووین ناتوانن بێنە دەرەوەو بەئاشکراو ئازادانە بچنە سەر مینبەرو بۆ خەڵکی قسە بکەن. پێیان وتووین دەتوانن لەگەڵ هاورێ‌کەی خۆتاندا لەگۆشەو کەنارێکدا، لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوچەو کۆلانێکدا، بەنهێنی، شوێنێك کە هیچ کەسێك گوێی لە دەنگتان نابێت هەرچییەکتان بوویێت بەگوێی یەکتریدا بچپێنن. هەردووکتان ناچارن لەو گۆشەیەدا بژین‌و لەگەڵ یەکتریدا قسە بکەن، هەرچییەکتان دەویێت بەیەکتری بڵێن، بە هەر زمانێك کە پێتان خۆشە، چەندێك پێتان خۆشە درێژەی پێبدەن. ئەوە فیرقەی خۆتانەو بەزمانی فیرقەیی خۆتان هەرچییەکتان دەوێت بەیەکتری بڵێن. بەڵام مۆڵەتی ئەوەتان نییە کە لێرە، لەبەردەمی خەڵك، لەبەردەمی کۆمەڵگادا دەم بکەنەوە. لەم پەراوێزەدا ئێمەو ئەمسالی ئێمە فێری ئەوە ئەبین کە حیزبی کۆمۆنیست لە ئامرازێکی خەباتەوە بکەین بە دالانێك بۆ هێلانەکردن‌و ژیان. وەسیلەیەك بۆ بوون، بۆ ژیان، کە دەبێ لەچوارچێوەی ئەو نەریتەدا بژیت. ئەم نەریتە سومبل‌و خوداو فریشتەی خۆی هەیە. بت‌و ئەخلاقییاتی خۆی هەیە. مێژوو نەریت‌و حەدیس‌و زمان‌و ئاخاوتنی خۆی هەیە، کار بەوە گەیشتووە کە دەڵێی بۆ خودی ئەندامانی ئەم ڕەوتەش، کۆمۆنیزم ئامرازی خەبات نییە، بەڵکو ئایینێکە کۆمەڵە کەسێك کە بەهۆی سەرکوت‌و پڕوپاگەندەی فراوانی بۆرژوازییەوە لەدژیان بەژیان لە پەراوێزی کۆمەڵگادا مەحکوم کراون، ئەم کەسانە بۆ هەست بە شەرافەت کردن‌و مانابەخشین بەژیانی خۆیان‌و بۆ خۆ قانع کردن بەوەی کە خەریکی گۆڕینی جیهانن، ئەم ئایینەیان بۆخۆیان داهێناوە. ئەم جۆرە کۆمۆنیستە هەرکاتێك لەم نەریتە لابدات، ئیتر دەبێتە شتێکی نامۆ لە کۆمەڵگادا، دەست‌و پێ سپییە، هیچ کارەیە، کلاوی لەسەر ئەنێن‌و ئەینێرنەوە. کاتێك دێتە دەرەوە بۆئەوەی بڵێت من دەمەوێ شۆڕش بکەم، کەسێك کە تا دوێنێ کارێکی بە مارکسیزمەوە نەبوو، مامۆستای ڕاستڕەوی زانکۆی لەندەن یان قوتابی بەکالۆریۆسی زانکۆی تەکنەلۆژی تەهرانە، وەیان کوڕە نوێژکەری فلان حاجی ئاغایە کە بۆ دەرس خوێندن بۆ فەرەنسایان ناردووە، دەستبەجێ لەبەردەمیدا قوت دەبێتەوەو دەڵێت کاکە ئەم قسانەی تۆ لەگەڵ مارکسیزم ناکۆکە. بۆچی هەلومەرجی بابەتی‌و زاتی بۆ شۆڕشەکەتان ئامادە بووە؟ وە کۆمۆنیستەکەی ئێمە دائەمێنێ‌و دەڵێت بەڕاستتە؟ ناکۆکە؟ وە دووبارە دەچێتە قاوغەکەی خۆیەوەو دەچێت بۆئەوەی لە فیرقەکەی خۆیدا لەبارەی هەلومەرجی بابەتی‌و زەینی شۆڕشی کرێکاری‌و پێداویستییەکانی هاتنی نۆبەی مێژوویی سۆسیالیزم لە ساڵی 3000دا قسەوباس بکات. کاتێك کۆمۆنیست پێدەنێتە مەیدانی دەسەلاتەوە پەنجا سەرزەنشتکەری کۆمەڵایەتی لێ پەیدا ئەبێت کە بڵێن کاکە نابێت. تۆ تیۆریکیت، ئێوە نەریتێکتان هەیە، ئێوە باوەڕتان بە قانوونمەندیی مێژوو هەیە، ئێوە مارکستان هەیە. کوا چینەکەتان؟ وەبیرمانی دەهێنێننەوە کە ئێمە لەجنسێکی جیاین، کە ئێمە نابێت خۆمان لە باسی دەسەلات بدەین. کاتێك ئێمە ناوی دەسەلات ئەهێنین، هاواریان لێ هەڵئەسێت کە ئای سەرکوتگەرو تۆتالیتەرەکان هاتن، ئەمە لەکاتێکدایە کە زیندانەکان هی خودی ئەوانە، دادگاکان هی خودی ئەوانە، ئەوانن کە خەڵکی زیندانی ئەکەن‌و لێیان ئەدەن، کورەکانی ئینسان سووتاندن خودی ئەوان وەڕێیان خستووە، جەنگەکان خودی ئەوان وەڕێیان خستووە، هەموو ڕۆژێك کێویێك لە چڵك‌و جەرعات‌و هەڕەشەو گوللەمان تێئەگرن بۆئەوەی هەر لەو گۆشەیە بمێنینەوەو سەر بەرز نەکەینەوەو کارێکمان بە دەخالەتکردن لە کۆمەڵگاو بە میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی دەخالەت لە کۆمەڵگاو پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا نەبێت. بۆئەوەی بچین ژیانی خۆمان لەنێو "دنیای چەپ"دا بکەین. وە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاوڕێیان، لانی کەم لە بەلشەفیزم بەم لاوە بەشی هەرە زۆری چەپی رادیکاڵو گروپە کۆمۆنیستییەکان لەم دالانانەی پەراوێزی کۆمەڵگادا ژیاون.

بەشێکی زۆر لەو شێوازو نۆرمانەی کە پێمان وایە حەقیقەتو تایبەتمەندیی زاتیی بزووتنەوەکەمانە، ئاکامی تێئاخێنراوو "داخلی کراوی" ئەو گوشارە خارجییانەیە کە بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ خستوویانەتە سەرمانو بەهیچ جۆرێك هی خۆمان نییە. زمانی ئێمە زمانی ئاڵۆزی قسەی دژوارو نامەفهوم نییە، هەرچەند ئێمە دەبێ کەسانێکی هۆشمەندو ئاگادار بینو ئاڵۆزترین بێنەوبەردە تیۆریەکان تاقیب بکەین، بەلاَم زمانی ئێمە هەر ئەو زمانەیە کە ئینسانی هاوچەرخی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەکانی خۆی قسەی پێدەکات. سەرقاڵییەکانی ئێمە، سەرقاڵییەکانی فیرقەکەی خۆمان نییە، سەرقاڵییەکانی ئێمە، سەرقاڵییەکانی ئینسانی ئەمڕۆیە، هەرچەندە کە دەبێت بە ریزەکانی خۆشمان رابگەین بۆئەوەی ریزێکی بەهێز بێت. سەرقاڵییەکانی ئێمە رازاندنەوەو پێچانەوەو رێکوپێککردنی دووبارەو چەندبارەی ئەو شتانە نییە کە پێشینانی ئێمە وتوویانە، بەڵکو وەلاَمدانەوەیە بە مەسەلەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ. من لایەنگری پڕڕەنگترین مارکسیستێکم کە بکرێ پەیدا بکرێت، پێم وایە پڕڕەنگترین مارکسیسم ئەو مارکسیزمەیە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر جیهانی دەرەوە دابنێت. بنچینەی قسەی مارکس ئەوە بوو کە گووتی کۆمەڵگا ئەسڵە، ئەوە کۆمەڵگایە کە روحی ئێمە، فیکری ئێمە، هەستو سۆزی ئێمە، جوانناسی ئێمەو هەموو شتێکی ئێمە دیاری ئەکات. وە ئێستا رێك هەر ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگا بڕیارە ئەم جێگاوشوێنە چارەنووسسازەی هەبێت لە بیرکردنەوەیاندا، بوونەتە بێدەربەستترین گروپ لەبەرامبەر یاساکانی حەرەکەتو میکانیزمەکانی خودی کۆمەڵگادا. کاتێك باسی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکانو کۆڕو کۆمەڵە کرێکارییەکانمان دەکرد، خەریك بووین هەر ئەمەمان دەگووت کە سەیرکەن لانی کەمی میکانیزمێك کە خودی کۆمەڵگا بۆ یەکگرتووبوونی کرێکاران هێناویەتییە ئاراوە چییە، وەرن با بچین پێوەی پەیوەست بینو کاری پێبکەین. قسەکانتان لەوێ بکەن، لەوێ گوێگری هەیە، باسی کۆڕوکۆمەڵە کرێکارییەکان لەسەر ناسینەوەی سەرلەنوێی گۆشەیەك لە میکانیزمە واقعییەکانی کۆمەڵگا بوو. وەبیرهێنانەوەی ئەوە بوو کە چینی کرێکار بوونەوەرێکی کۆمەلاَیەتییەو لەنێو کۆمەڵگادا قەوارەی گرتووە. ئاوا نییە کە کرێکاران لە نەبوونی گروپە چەپەکاندا ژمارەیەك ئینسانی پرشوبلاَو بن کە سڕو بێجووڵە سەیری ئاسمان دەکەن بۆئەوەی یەکێك بێتو پێیان بڵێت هەژاری خراپەو یەکێتی باشە. وتمان دڵنیابن لە هەموو ساتێکدا لەنێو کرێکاراندا کۆڕوکۆمەڵی بەرەنگاری هەیە. گووتمان مەرجی دەخالەت لە چارەنووسی کۆمەڵگادا، بەڕەسمی ناسینی میکانیزمەکانو یاساکانی حەرەکەتی کۆمەڵگایە. ئەمە بنچینەی مارکسیزمە. تەریك کەوتنەوە لە کۆمەڵگا، بێتوانایی لە دەستبردن بۆ میکانیزمەکانی کۆمەڵگا بۆ جێگۆڕکێی هێزو خۆنواندنی سیاسی، ئامادەنەبوون لە شەڕی دەسەلاَتدا، بێدەربەستی لەبەرامبەر کێشەکانی رۆژانەی کۆمەڵگاداو جێگاخۆشکردن لە قاوغی بوونەوەرێکی پیشەییو فیرقەییو لاکەوتەدا، ئەمانە نەرێتی کاری کلاسیکی کۆمۆنیستی نین. بەڵکو میراتی ئیستبدادو سەرکوتو شکستە. نابێ ئەو وێنایە قبووڵ بکەین کە لە ژیانی سیاسیو شێوەی "کلاسیك"ی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی بەدەستەوە ئەدرێت. یەکەم، خودی ئەم "کلاسیك"ە بیست ساڵ بەرلەئێستا شتێکی دیکە بوو،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دووەم، خودی ئێمە لە گۆڕینی ئەم ئەم "کلاسیك"ەدا ڕۆڵێکی بەرچاومان گێڕاوە. سەرئەنجام من هیچ بایەخێك بۆ ئەو قسەیە دانانێم کە دەڵێن ئەمە شێوازی کلاسیکی کاری کۆمۆنیستی نییە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ بڵێین کاری کۆمۆنیستی چییە، وە ئەگەر ئێمە بەپێی عەقڵو هۆشی خۆمانو پێداویستییە سیاسیو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانمان پێمان وایە کە دەبێ بە ئاراستەیەکی دیاریکرودا بڕۆین، دەبێ بڕۆینو نیگەرانی ئەوە نەبین کە پێشتر هیچ کەسێك بەم ڕێگایەدا نەڕۆیشتووەو ئەم ڕێگایە ناهەموارو دژوارە.

## هەڵسووڕانی سیاسی لە ناوەڕۆکدا هەڵسووڕانێکی ئاشکرایە

ڕێگە بدەن لەسەر چەند ئەنجامگیرییەکی گشتی لەم پێشەکییە هەڵوێستەیەك بکەم. یەکەمین خاڵ ئەوەیە کە خەبات بۆ دەسەڵاتی سیاسی خەباتێکی ئاشکرا (عەلەنی)یە. خەڵکی بەشێوەیەکی سروشتی ئاشکرانو ئەوەش خەڵكو چینە کۆمەڵایەتییەکانن کە لەپێناوی دەسەڵاتدا خەبات ئەکەن. هەوڵ ئەدەن بیگرنو نەیدەن. خەباتی سیاسی لە کۆمەڵگادا، بەوێنەی خەباتێك لەنێو ئینسانەکانی کۆمەڵگادا، کۆمەڵێك میکانیزمی ئاشکرای هەیە. گوتن، قسەکردن، نووسین، هاوارکردن، بانگ کردن، سەرنج ڕاکێشان، هێز کۆکردنەوە، ئێرەو ئەوێ پێکردن، مقاوەمەت کردن، سەنگەربەندی کردنو...تاد، هەموو ئەمانەی لەگەڵدایە. خەباتی سیاسی نهێنی شتێکە کە بەسەر بزووتنەوەی ئێمەدا سەپێنراوەو تاکو ئێستاش ئەسەپێنرێت. خۆشمان بەم واقعییەتە سەپێنراوە خوومان گرتووە. شێوازەکانی هەڵسووڕان لەو هەلومەرجەدا کە لەژێر سەرکوتدا نین نازانین. دەڵێی ئێمە هەر دەبێ بڕۆین لە ژێر سەرکوتداو بەپەنهانی کار بکەین. ئەوە ڕاستە کە حیزبی کۆمۆنیستی دەبێ بتوانێ ئەم هەڵسووڕانە نهێنییە ئەنجام بداتو هەمیشە بەشێك لە خەباتی کۆمۆنیستی خەباتێکی نهێنییە. بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە ئامانجی هەڵسووڕانی ئێمە شکاندنی ئەم بەربەستی ئیستبدادەیە کە ئێمە لە دەستبردن بۆ میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردنو هێزگرتنو جەنگ لەئاستێکی کۆمەڵایەتیدا مەحروم دەکات. ئێمە خەریکین بۆ ئەوە خەبات ئەکەین کە ئەم بەربەستە بشکێنینو بتوانین لە کەشوهەوایەکی ئاشکراو بێئیستبداددا کار بکەین، بەڵام ئەوە بۆرژوازییە کە ناهێڵێت. ئێمە دەمانگووت ئەرکی شۆڕشی 57 (شۆڕشی 1979ی زایینی لەئێران-و) دابینکردنی پێشمەرجە دیموکراتیکەکانی شۆڕشی کرێکارییە. بەڵام ئەگەر ئەم هەلومەرجە بڕەخسایە ئایا دەمانتوانی بەدروستی کەڵکی لێوەربگرین؟ ئایا ئەو چەپە ڕادیکاڵەی کە لەزاتی خۆیدا گرووپی فشارە نەك حیزبێکی سیاسی کە چاوی بڕیبێتە کۆمەڵگاو دەسەڵات، تەنانەت لە هەلومەرجێکی دیموکراتیکیشدا دەتوانێ دەخالەت لەچارەنووسی کۆمەڵدا بکات؟ پێم وانییە.

یەکەمین ئەنجامگیری من ئەمەیە کە هەڵسووڕانی سیاسی دەبێ لە بوعدێکی عەلەنی، فراوانو لەبەرچاوی خەڵکدا ئەنجام بدرێتو ئێمەش دەبێ پێبنێینە ئەم مەیدانەوە. وە ئەو شێوەیەی کە چەپەکان تائێستا نەریتیان بووەو خەباتیان کردووە، واتە شێوەی غەیبی، شێوەیەك کە تیایدا حوکمو شیعارو خواستەکان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەکو ئەحکامێکی بەڵگەنەویست لەپشتی دیوارێکەوە بۆ خەڵکی فڕێ ئەدرێن، گوایە مێشکێکیان لەشوێنێکدا شاردۆتەوە، گوایە چاوگێك لە ژیریو حیکمەتیان لە شوێنێکدا شاردۆتەوەو شوێنەکەی بەخەڵکی ناڵێنو، رادەگەیەنن "ئێمە دەزانین کە مێژوو بەم ئاراستەیەدا ئەڕواتو بەو ئاراستەیەدا ناڕوات"، هەرگیز شێوەیەکی کارسازو کۆمۆنیستی نییە. ئەمە شێوازی رەوتە سیاسیەیە جدیەکان نییە. سەرەنجام ئەگەر دەتانەوێت خەڵکی بەشوێن ئێوەدا بێن دەبێ خۆتان نیشان بدەن. دەبێ بانگەوازی خۆتان ئاشکرا بکەنو خەڵك بەدوای خۆتاندا بهێنن. وە کەسێك کە ئەوە دەرك بکات کە بۆ هێنانە مەیدانی دوو ملیۆن کەس پێویستت بە دە هەزار ئینسانی واقعیو خاوەن ناسنامەو روخساری ناسراو هەیە کە هەر کامیان نفوزێکیان لەنێو خەڵکدا هەبێتو لەشوێنێك بایەخو قەدرێکیان هەبێت، لەوە تێدەگات حیزبێك کە پەنجا شەخسییەتی کۆمۆنیستی بە کۆمەڵگا ناساندووەو پێی وایە هێشتا کەمە، خەتی راستو چەپی بەسەر تیۆری حیزبی لینینیدا نەهێناوەو نەبووەتە "حیزبی شەخسییەتەکان". بەڵکو زۆر بەسادەیی خەریکە دەڵێت هێشتا شەخسییەتی کەممان هەیە. ئەوەی کە شەخسییاتت هەبێت، روخسارە واقعیەکانت هەبێت، رابەرانو هەڵسووڕاوانی ناسراوت هەبێت، شێوازێکی باوو واقعی ژیانی ئەو حیزبە سیاسیانەیە کە دەیانەوێت بەهێز بن.

تاك لە خەباتی سیاسیدا گرنگە. تاك ئەو دیاردەیەیە کە روخسار دەداتە یەکێتیەکان، حیزبە سیاسیەکانو بزووتنەوەکان. بۆ جەماوەری فراوانی خەڵك مەلموسیان دەکاتو ئەوان دەخاتە بەردەستی خەڵك. لە تێڕوانین بۆ هەر دامەزراوێك ئێوە تەنها ناڕواننە فۆنکسیۆنو دەورو بەرنامەو فەلسەفەی وجودی ئەو دامەزراوەیە، بەڵکو سەیری ئەو کەسانەش دەکەن کە ئەو دامەزراوەیە دروست ئەکەن، وە ئەمە لە مەلموسکردنو واقعی کردنی پەیوەندی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو دامەزراوەیەدا رۆڵێکی چارەنووسسازی هەیە. هەر تاکێك، هەرچەندە بەشێکیش بێت لە رێکخراوێكو دامەزراوێکی جەماعی، دەورێکی تاکەکەسیی ئەگێڕێو ڕۆڵێکی تایبەت بەخۆی لە ژیانی سیاسیدا هەیە. ئەو رێکخراوو بزووتنەوەیەی گوێ بە تاك نەداتو تاك بسڕیتەوە خۆی بێتەئسیرو پووچەڵ کردۆتەوە. رێکخراو نیشاندەری یەکێتیەکی قووڵە لەنێوان تاکەکاندا، لەدوا ئەنجامدا رێکخراو حیکمەتێکی زیاتر لە یەکخستنی تاکەکانی خۆی نییە. ئەوە دەزانم کە لەمێژووی هەر حیزبێکدا تاکەکان دێنو دەڕۆن، بەڵام گرنگیی رێکخراو لەوەدایە کە لەهەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك تاکی دیاریکراوی هاوڕاو یەکگرتوو کردووە. ئەم رێکخراوە تۆڕێکە کە ئەم تاکانەو خەباتی ئەوان بەیەکەوە دەبەستێ، بەهێزی ئەکات، هاوئاهەنگی ئەکات، هێزی رێکخراوەکە دەکاتە پشتیوانەی هەڵسووڕانی تاكو هێزی هەموو تاکەکان دەکاتە هێزی رێکخراو. بەڵام رێکخراو جێگای خەباتی تاك ناگرێتەوە.

هەڵبەتە ئەم باسەش لەنێو ئێمەدا تازە نییە. ئێمە 15 ساڵ بەرلەئێستا بە دوورو درێژی باسی مەقولەی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکانو رابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاریو رۆڵی تاكو رابەری ناسراوو جێگەی متمانەمان کرد لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. کۆمۆنیزمی مارکسی، کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەم پێیە هەمیشە "حیزبی شەخسییەتەکان"ە. تواندنەوەی ناسنامەی فەردیی کۆمۆنیستەکان لە رێکخراوێکی ئیداریو عەسکەری بێروخساردا، تا رادەی گۆڕینی ناوەکانیان بە پیتی کورتکراوە، سەندنەوەی ناسنامە لە کۆمۆنیستەکانو، ئەوەی کە دیعایەو تەحریزو شیعارو بانگەواز بکرێتە بەرهەمی سکرتاریەتو ستادەکانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێکخراوە غەیبییەکان، ئەمانە بەرهەمی بزووتنەوەی ئێمە نین، تایبەتمەندی بزووتنەوەی ئێمە نین. قسە لەسەر ئەوە نییە کە حیزب نابێت کۆمیتەی هەبێت، لەسەر ئەوە نییە کە حیزب نابێت هەیکەلێکی تۆکمەی ژێرزەمینیی هەبێت کە بتوانێت لە هەموو هەلومەرجێکدا خەبات بکات. باس لەسەر ئەوە نییە کە ئەوە هەر ئەو تۆڕە ژێرزەمینی‌یەی ئێمەیە کە دەرفەتی پێداوین بگەینە ئەم جێوشوێنەی ئێستامان، وە ئەوە دیسپلینی تۆکمەی ئێمەیە کە پشتیوانەی کاری ئێمەیە. قسە لەسەر هیچ یەکێك لەمانە نییە، بەڵام ئایا ئێمە بەئەندازەی پێویست مەیدانمان لەدەستی ئەوانی دیکە دەرهێناوە کە ئێستا کەسێك بکەوێتە گومانەوەو بڵێت ئایا زۆر بەم ئاراستەیەدا نەڕۆیشتوون؟

ئێمە دەبێ دیسان سەدان ئەوەندە بەم ئاراستەیەدا بڕۆین، ئێمە دەبێت هەر بەم مەودایەی ئێستامانەوە دەیان روخساری ئاشکرای دیکەمان هەبێت، بۆئەوەی کەسێك کە لەئێران بیر لە بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم رەوتە دەکاتەوە بتوانێ بەدیاریکراوی ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە چ تەرزو چ تیپێك لە ئینسانەکان، بە چ بیروباوەڕو هەڵسوکەوت‌و تایبەتمەندی‌یەکەوە دێنە سەرکار. وە بتوانن‌و بیانەوێت‌و ئاواتی ئەوە بخوازن کە ئەم تەرزە لەئینسانەکان بێنە سەرکار. ئێمە تائێستا لەم ڕێگایەدا تەنانەت بەدروستیش هەنگاو نەناوە. رەنگە کەسێك بڵێت ئەم کارانە سۆسیالیستی نییە؟ راستە بە مانای کۆن‌و فیرقەیی وشەکە، بەپێی ئاستی هۆشیاری‌و تێگەیشتنی چەوتی ئەوانەی کە دەیانەوێت لە گۆشەو کەنارەکانی کۆمەڵگادا بژین، بەڵێ ئەمانە سۆسیالیستی نییە. بەڵام بۆ مارکسیستێك ئەمە دەقاودەق سۆسیالیزمە. بۆ کەسێك کە دەیەوێت دەسەڵات لەچنگی بۆرژوازی دەربهێنی ئەمە دەقاودەق سۆسیالیزمە. ئێمە ئەم زەرورەتەمان ڕێك لە کۆمۆنیزمەکەمان‌و مارکسیزمەکەمانەوە هەڵینجاوەو پێمان وایە ئەمە مەرجی پێشڕەوی‌یە لە خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانماندا. ئەگەر بڕیار بێت خاوەنداریێتی تایبەتی‌و نیزامی کاری بەکرێ ژێرەوژور بکەین‌و ئەو ئامانج‌و خواستە مێژووسازانە بەکردەوە دەربێنین کە رامان گەیاندوون، دەبێ بەوێنەی ژمارەیەکی فراوان لە ئینسانی واقعی‌و خاوەن روخسارو سیمای سیاسی تایبەتیی خۆمان، بچینە بەردەم کۆمەڵگاو بانگەوازی خۆمان بە کۆمەڵگاو بە گشت چینی کرێکار رابگەیەنین. خۆ حەشاردان لە کونجێکداو بێ‌روخساری‌و ژیان لە پەراوێزدا تایبەتمەندیی کۆمۆنیزم نییە. ئەمانە خواستەکانی بۆرژوازی‌یە لە کۆمۆنیستەکان. ئەوان داموەزگای سەرکوتیان داناوە، داموەزگای مەزنی درۆهەڵبەستنیان داناوە، تا ڕێك هەر ئەمە بەسەر کۆمۆنیزم‌و ریزی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا بسەپێنن. خۆدەرخستن بەوێنەی ئینسانگەلێکی واقعی بۆ کۆمەڵێك ئینسانی مارکسیست، دەقاودەق سۆسیالیزمە. ئەرکی سۆسیالیزمە، خاڵی دەستپێکردنی سۆسیالیزمە، بە غەیری ئەمە سۆسیالیزم نییە.

**حیزب‌و چین:**

**پەیوەندی محەللی‌و پەیوەندی‌و کۆمەڵایەتی**

کاری حیزب لەگەڵ کرێکاراندا چی بەسەردێت؟ هەڵبەتە کاری راستەوخۆو حزوریی حیزب لەگەڵ هەڵسووڕاوان‌و کۆڕوکۆمەڵ‌و تۆڕە کرێکاری‌یەکاندا بەشێکی هەمیشەیی کاری حیزبێکی کۆمۆنیستی‌یەو دەبێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمیشە مەشغوڵی بین. ئەمە ئەو جۆرە هەڵسووڕانەی نێو کرێکارانە کە هەم لەبارەیەوە زۆرمان وتووەو هەم لە بەڵگەنەویستەکانی هەڵسووڕانی ڕۆژانەی حیزبەو هەر لەپێناوی ئەمەدا ڕێکخراومان پێکهێناوە. جۆرێکی دیکەش لە کاری کرێکاری ئەوەیە کە ئیمکانی هەڵبژاردنی کۆمۆنیزم بۆ کرێکاران فەراهەم بکەیت. بەکرێکاران بڵێی ئەم جەنگە ئەبینن؟ دەتوانن لەم کێشمەکێشەدا کۆمۆنیزم هەڵبژێرن، کۆمۆنیزمی کرێکاری هێزێکی هەنوکەییو مەوجودە. ئیتر جەنگ لەنێوان جەبهەی میللیو حیزبی تودەو لایەنگرانی پاشایەتیو ئیسلامدا نییە. ئەمە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەو دەتوانن ئەو هەڵبژێرن. هەڵبژاردنی ئێوە تەنها لەنێو بازنەی حیزبەکانی چینی دەسەڵاتداردا نییە. ئەمە حیزبی خۆتانەو دەتوانن سبەینێ بچن بۆ سەنتەری شاری تاران، بۆ نووسینگەی حیزبو، پەیوەست بن بە حیزبەوەو بەمجۆرە لەگەڵ باقی کرێکارانی ئەندامی حیزبدا لە شوێنی ژیانو کارگەو شارەکەی خۆتاندا پەیوەستو یەکگرتوو بکرێن: دەتوانن هەر لەو ڕۆژەوە مەسئولییەت لەئەستۆ بگرن. هاوڕێیان، ئێمە دەمانەوێت مافی هەڵبژاردن بدەین بە کرێکاران. ئەگەر ئێمە لە کونا بین، کرێکار بۆچی دەبێ ئێمە هەڵبژێرێت؟ تروتسکیستەکان دەیان ساڵە خەریکی ئەوەن کە دۆڵمە بۆ پیکیتەکان ئەبەنو شانبەشانی کرێکاران بەدەستی پاسەوانەکان کوتەك ئەخۆن، کەچی هێشتا دەبینن کاتێك کرێکار بیر لە مەسەلەی دەسەڵاتو دەوڵەت ئەکاتەوە لە کۆمەڵگادا، دیسانەوە بیر لە سۆسیال دیموکراسی ئەکاتەوە. چونکە حیزبی تروتسکیست خۆی نەخستۆتە ئەو جێوشوێنەی کە وەکو هێزێك لە کۆمەڵگادا لێوەشاوەیی ئەوەی هەبێت لەلایەن کرێکارەوە وەك ئامرازێکی دەخالەت لە مەسەلەی دەسەڵاتدا هەڵبژێردرێتو دەستەبژێری بکرێت. ئاخر دەبێ حیزبێك خۆی لە مەیدانی سیاسیدا حزوری هەبێت تا بکرێت تۆش هەڵیبژێرێت. بۆئەوەی ئەوە دەرك بکرێت کە ئەم ڕەوتە کارێکی لەدەست دێتو ڕێگای خۆی ئەزانێت. دەتوانێ هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێت. حیزبی ئێمە دەبێ لەئاستێکدا دەربکەوێت کە کرێکاری ئێرانی بتوانێ هەڵیبژێرێ. مەبەست ئەوە نییە کە لە هەڵبژاردندا دەنگی پێبدات. مەبەستم ئەوەیە کە کرێکار وەکو چینێك ئەم حیزبە هەڵبژێرێتو بڵێت من لەنێو ئەو ئەلتەرنەتیڤانەدا کە هەن لەگەڵ ئەم حیزبەدا دەڕۆم. بوعدێکی هەمیشەییو لەپسان نەهاتووی هەڵسووڕانی ئێمە ئەوەیە کە پەیوەندییە کرێکارییەکانمان جۆش بدەین. بوعدێکی دیکەی هەڵسووڕانمان ئەوەیە کە بەپانتایی کۆمەڵگاو لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا حیزب وەکو ئامرازێکی واقعی بخەینە بەردەستی چینی کرێکار تا بۆ یەکلاییکردنەوەی یەکجاریی کۆمەڵگا ئەم ئامرازە وەك حیزبی خۆی بەدەستەوە بگرێت. ئەگەر ئەمەی دووەمیان ئەنجام نەدەین، ئەوە لە ئەکی کۆمۆنیستیی خۆماندا دریغیمان کردووە. چینی کرێکار چ گوناهێکی کردووە کە دەبێ تا ئەبەد سۆسیالیزم لە قاڵبی گروپە دە کەسییەکانی "یەکێتیو خەبات لەڕێگای دیفاع لە مافەکانی کرێکان"دا ببینێتو، حیزبەکانی چینە داراکانیش لەناوەڕاستی گۆڕەپانی سیاسیو سەرگەرمی یاریکردن بەچارەنووسی خۆیەوە ببینێت. دەبێ کۆتایی بەم دۆخە بهێنرێت، وە ئەمەش ئەو کۆمۆنیستانەی پێویستە کە تەقلیدو نەریتی گۆشەگیرییو فیرقەسازییو کەلتوری گروپی فشاری بنێنە لاوەو لەجەرگەی جەنگی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگادا دەرکەون.

وشەی کۆمۆنیزمو سۆسیالیزم بەتەنهاییو بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك بۆ کرێکار زۆر موعتەبەرە. کرێکار بەشێوەیەکی غەریزییو سروشتی لەکاتی شەڕێکی کۆمەڵایەتیدا بەدوای سۆسیالیستەکاندا دەگەرێت. ئەمە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشێکە لە نەرێتی چینی کرێکار. سۆسیالیزم خۆی بەرهەمی چینی کرێکارە، ئەوە بزووتنەوەکەی ئەوانە کە کۆمۆنیزمی بۆ جیهان بەرهەم هێناوە. لە هەر شوێنێکی جیهاندا، لە ئەرجەنتینەوە تا کۆریا، کاتێك کرێکاران کۆدەبنەوە، لەپێشەوە دەتوانی پێشداوەری ئەوە بکەیت کە ئەدەبیاتی مارکسیستی لەناویاندا دەگەڕێت و دەخوێنرێتەوە. ئێمە دەبێ حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دروست بکەین کە لە کۆمەڵگادا، لە مەیدانی نەبەردی چینەکان لەسەر موقەدەراتی کۆمەڵگا، حزوری هەبێت و ببینرێت. نەك تەنها ناوێك بێت لە خوار ڕاگەیاندنەکانی ڕێکخراو لە فلانە کۆڕوکۆمەڵدا. ئەمە ئەو نەبەردەیە کە ئەمڕۆ لەپێشمانە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەك حیزبێکی کرێکاری، حیزبێك کە لەسەر بناغەی ململانێ و مشتومڕە چارەنووسسازەکان لەسەر مارکسیزم و جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کۆمۆنیزمی بۆرژوایی بیناکراوە، ئەمڕۆ گەیشتووەتە شوێنێك کە تەنها ڕێگای بەرەوپێشەوەچوونی بریتی‌یە لە دەرکی پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵگا و دەرکی مەقولەی میکانیزمە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات. مەبەستم لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پەلاماری ڕۆژی ئەخیر بۆسەر کۆشکی زستانە و پێکهێنانی دەوڵەت نییە، بەڵکو مەبەستم بەهێزبوون و برەوسەندنی حیزبە لە کۆمەڵگادا، بەشێوەیەك کە ببێتە یەکێکە لە جەمسەرە گرنگەکانی ململانێی چینەکان لەسەر دەسەلات. بەجۆرێك کە نەتوانن لەسەرووی ئەوەوە و بەبێ حیسابکردن بۆ ئەو شتێك بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. ئەمە هەرئێستا دەستی پێکردووە و ئێمە دەرکەوتەکانی دەستپێکردنی ئەم ڕەوتە دەبینین و خۆتان دەبینن کە چەندە روو لەسەر لەپێشڕەویدایە.

هاوڕێیان، سەرکەوتن بەسەر بۆرژوازیدا دەبێ لە گۆڕەپانەکەی ئەودا ئەنجام بدرێت، ئێمە لە کۆنگرەی خۆماندا بەسەر هیچ کەسێکدا سەرناکەوین. دەسەڵاتی سیاسی لە ئۆردوگای خۆماندا بەدەست ناهێنین. بۆیە دەبێ بچینە گۆڕەپانی ئەوان، وە ئێستا خەریکین ئەڕۆین، ئێمە دەبێ خۆمان بۆ گێرانی ئەم دەورە ئامادە بکەین. ئێمە لە هەرکوێوە هاتبین، چ مرەوجی سیاسی بووبێتین و چ رابەری کرێکاری و چ پارتیزان، چ شاعیر چ نووسەر، ئێستا گەیشتووینەتە شوێنێك کە دەبێ کۆمەڵێك دەور لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەئەستۆ بگرین و بیانگێڕین. وە بەوێنەی شەخسییاتی زیندووی بزووتنەوەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری وڵاتێك دەربکەوین و قسەبکەین. لەگەڵ هەموو کۆمەڵگادا قسە بکەین.

## حیزبی مارکسیستی– حیزبی کۆمەڵایەتی

ئێمە حیزبێکی مارکسیستی‌ین و لەم ڕەوتی پەرەسەندنەدا، وەکو هەر دیاردەیەك کە هێزی کێشکردنەکەی بڕیارە بگاتە شوێنە زۆر دوورەکانیش، ناوکۆکەی مەرکەزیمان دەبێ زۆر پوخت و سەنگین بێت. لە کۆنگرەی دووەمدا ئاماژەم بۆئەوە کرد کە لەڕووی مێژووییەوە حیزبە چەپەکان کاتێك ویستوویانە کۆمەڵایەتی ببنەوە و لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا دەربکەون، بەلای ڕاستدا بایانداوەتەوە. ئەمەشیان بەو جۆرە پاساو کردووە کە کۆمەڵگا ڕاسترەوە و ئەگەر ئەمانیش دەنگیان بوویت دەبێت بەلای ڕاستدا بابدەنەوە. وە هەڵبەتە لەڕووی مێژووییەوە لەم کارەدا شکستیان خواردووە. ڕەنگە نوێنەرێك لە حیزبێکی رادیکاڵی چەپ بۆ دەورەیەك چووبێتە پەرلەمانەوە، بەڵام لەدەورەی دواتردا ئەو تاکە کەسەش فایلەکەیان ناوەتە بن دەستی و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناردویانەتەوە. ئێمە یەکێکین لەو پەنجەبڕێرە ڕێکخراوە کۆمۆنیستی‌یانەی دوای بەلشەفییەکان کە دەیانەوێت بە رادیکالیزمو ماکزمالیزمەکەیان جەماوەری ببنەوە. ڕێکخراوێك کە ڕێك دەیەوێت ماکیزمالیزمو کۆمۆنیزم جەماوەری‌و کۆمەڵایەتی بکاتەوە. دەیەوێت ئامانجەکانی‌و بیرۆکەی شۆڕشی کۆمۆنیستی‌یەکەی ببات‌و جەماوەری‌و کۆمەڵایەتی بکاتەوە. دەیەوێت ئەوپەڕی قسەی خۆی لەبارەی دینەوە بکات بە قسەی کۆمەڵگا. ئێمە ئەو کەسانەین کە پێمان وایە دەبێ ئەم کۆمۆنیزمە کەم ڕەنگ نەکراوەیە جەماوەری‌و کۆمەڵایەتی بکەینەوە.

ئەم ئاسۆیە، دوو پرسیار دەخاتە بەردەممان. یەکەم ئەوەی کە ئایا کارێکی وەها ئیمکانی هەیە؟ کە بەبڕوای من تەجروبە ئەوەی سەلماندووە کە لە سەردەمی ئێمەدا هەر ئەم شێوازە شێوازێکی کارایە. کۆمەڵگای هاوچەرخ وەڵامی رادیکاڵ‌و ئینسانی رادیکاڵ‌و لەسازش نەهاتووی دەوێت. کەسانێك کە قسەی بنەڕەتی‌و بنچینەیی خۆیان دەڵێن‌و دەیانەوێت هاوبیران‌و هاورێبازانی خۆیان یەککگرتوو بکەن بۆئەوەی سەرلەبەری ئەم ئاسۆ رادیکاڵە وەدیبهێنن. کافی‌یە پێنج لەسەدی کۆمەڵگا قسەیان وەك ئێمە بێت بۆئەوەی سەرلەبەری دەسەڵات بگرین. کافی‌یە پێنج لەسەدی خەڵکی ئێران چالاکانە دیفاع لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بکەن‌و ئەم حیزبە بەحیزبی خۆیان بزانن بۆئەوەی سەرتاپای ئەم وڵاتە بەدەستەوە بگرین. ئەوە گرنگ نییە کە بڵاوکراوە رێگەپێدراوو قانوونی‌یەکانی ئێران رووی خۆش بەئێمە نیشان نەدەن. ئەو مەملەکەتە لەسەدا شەست ئینسانی دژی دین‌و دژی خودای هەیە کە بەدەست رژێمی ئیسلامی‌یەوە چەقۆ گەیشتۆتە سەر ئیسقانیان وە هەموویان پشتیوانی سبەینێ‌ی ئێمەن، ئەوانەی کە بەدەست ئیسلامەوە ئەناڵێنن ئێمەیان هەیە، ئەوانەی کە بەدەست نایەکسانیی ژن‌و پیاوەوە ئەناڵێنن ئێمەیان هەیە، کەسانێك کە بەدەست شەرقی‌بوونی زاڵ بەسەر رژێم‌و ئۆپۆزسیۆنەکەیەوە ماندوو بوون، ئێمەیان هەیە. وە ئەوە مافی ئێمەیە کە ئێمەیان هەبێت. ئەم توێژانە ئەگەر ئێمە بە نوێنەری خۆیان بزانن بەمە ناسنامەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستیی ئێمەیان بەلاڕێدا نەبردووە. کەسانێك هەن کە دەڵێن ئێمە بۆیە لەگەڵ ئێوەدا هاتووین چونکە قسەی دڵی لاوان ئەکەن. ئێمە بۆیە لەگەڵ ئێوەدا هاتووین چونکە قسەی دڵی ژنان ئەکەن. یان لەبەر ئەوەی باسی کەلتوورێکی مۆدێرنتر ئەکەن. یان لەبەرئەوەی لەبەرامبەر دیندا راوەستاونەتەوە. ئەمە هیچ خەوشێکی تیدا نییە. کەسانێك کە لەگەڵ ئێمەدا دێن بەهۆی ئەو دەورەوە لەگەڵمان دێن کە ئەو رۆژە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕین. وە ئەگەر نەیگێڕین ئیتر لەگەڵ ئێمەدا نایەن‌و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەڕۆن کە ئەو دەورە ئەگرنە ئەستۆ. وەهیچ عەیبێکی تێدا نییە کە ئەمانە لەدەوری خۆمان کۆبکەینەوە. لەسەرەتاوە بڕیار وابوو کە چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو ئاڵابەدەستی هەموو ئازادی‌و یەکسانییەك لە کۆمەڵگادا دەربکەون.

پرسیاری دووەم ئەوەیە کە ئەگەر ئەم هێزو خواست‌و مەیلانەمان لەدەوری خۆمان کۆکردەوە، چ زەمانەتێك هەیە کە نەبینە حیزبی ئەوان. تەنها نەبینە حیزبی ئەو کارانە. لێرەدایە کە دەبێ جەخت لەسەر ئەودیوی مەسەلەکە بکەین. ئەم حیزبە دەبێ بڕبڕەپشتێکی کۆمۆنیستی پابەندی هەبێت‌و ئەم بڕبڕەپشتە دەبێ هەمیشە گەشە بکات. ڕێگەم بدەن لێرەدا نەختێ بچمە سەر باسی ئەندام‌و کادر. من پێم وایە هەر کەسێك پێ‌ی خۆشە ببێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ بتوانێ ببێتە ئەندام، فەرزی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە هەموو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئینسانەکان بەشەرەفن، هەرکەسە خۆی دەزانێت کە بۆچی بووەتە ئەندام. بێگومان بۆچوونو سیاسەتەکانی حیزبی بەدڵ بووە. بەلام دەبێت ئەم حیزبە تویژێك کادری هەبێت کە ئەم حیزبە رێنوێنی دەکات. زیندوو رایبگرێو بەرهەمی بهێنێتەوە، بەسەروکاری ئیشەکانیەوە بچێت، گەشەی پێبدات. کەسانێك کە هەموو نەخشەکەیان لەلایە، هەموو باسەکەیان لەلایە، ئەوپەڕی ئاسۆکە ئەبینن‌و پابەندیی تیۆریکیو ئینتمای فیکریو بڕوایان بەئامانجەکەیان بەهێزو کامل بێت. ئەمە بوعدێکی ئەرکەکانی ئێمەیە کە نابێت پشت گوێ بخرێت. قسە لەسەر ئەوەیە کە ئێمە 500 هەزار ئەندامیمان دەوێت‌و بۆ ئەم کارە پێویستمان بە دوو هەزار کادری بەتوانای کۆمۆنیست هەیەو دەبێ ئەمانە لەم حیزبەدا پەروەردە بکەین. سەرەنجام یەکێك لە کارەکانی کادری حیزب ئەوەیە کە ئەندامە باشەکان هەڵئەبژێرێت‌و کاریان لەسەر ئەکات، ماتریالیان ئەداتێ، قسەوباسیان لەگەڵ ئەکات‌و هەوڵ ئەدات پەروەردەیان بکات. مەقولەی حیزبی فراوانی کۆمەڵایەتیو حیزبی مارکسیستی بەبڕوای من ناکۆك نین لەگەڵ یەکتردا. ئێمە دەمانەوێت بیسەلمێنن کە ناکۆك نین، دەکرێ مارکسیست بیت، ماکزیمالیست بیت، تیئۆریك بیت، خوازیاری سەرلەبەری گۆڕانکاری سۆسیالیستی بیت‌و لە هەمانکاتدا حیزبێکی فراوانی کۆمەڵایەتیت هەبێت کە بە بچووکترین لێکچوون لەگەڵ ئارەزووەکانی خەڵکدا فراوان دەبێتەوە. رەنگە بڵێن کەسێك کە بۆ خواستەکانی لاوان لەگەڵ ئێمەدا هاتووە، کاتێك بە مەبەستەکەی خۆی بگات، ئیتر لەگەڵ ئێمەدا نامێنێتەوە. رەنگە وابێت، بەڵام تا ئەو رۆژەی کە لەگەڵ ئێمەدایە، ئێمە قازانجمان کردووە. پشتیوانەی چەند دەیەیی ئەم حیزبە لەڕووی فیکریو پراتیکیەوە، ئەو ململانێیانەی کە چووەتە ناویانەوەو بە سەروچاوی خوێناوییەوە لێیان هاتۆتە دەرەوە.. خەریکە پێمان دەڵێت کە ئەم حیزبە لەکوێ وەستاوە. ئێمە کۆمۆنیستین، وە ئەم کۆمۆنیزمە بەئەندازەی پێویست بەهێزە کە چەندین‌و چەند بەرابەری ئەوەی ئێستا بڕۆینە پێشەوە بەبێ هەست بە مەترسیو نیگەرانی کردن لە ئالودەبوون بە دنیای پیسی سیاسەت، بڕۆینە پێشەوەو هێز کۆبکەینەوە، وە ئەم هێز کۆکردنەوەیە ئەمڕۆ چارەنووسسازە.

### ژیاندنەوەی کۆمۆنیزمی جیهانی

من سەبارەت بە رۆیشتنی حیزبی خۆمان بۆ ناو مەرکەزی جیهانی سیاسەت‌و مەرکەزی کۆمەڵگا قسەم کرد. بەڵام خاڵێکی دیکەیش بەبڕوای من چارەنووسسازە. ئەگەر کۆمۆنیزم لەئاستی جیهانیدا ئایندەیەکی هەبێت، ئەوا لەرێگەی ئەو حیزبانەوە دەبێت کە ئەم کارە ئەکەن. نەك لەرێگەی پەیوەندی گرتنی سکرتاریەت‌و پەیوەندییە گشتییەکانی ئێمە لەگەڵ هەڵسووڕاوانی بریتانیو ئەڵمانیو ئوسترالی‌و پرسینی رای ئەوان سەبارەت بە هەڵوێستەکانمان، هەڵبەتە ئەمەش کارێکی باش‌و پێویستە. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت شتێك کۆمۆنیزم لەدنیادا زیندوو بکاتەوە تواناو لێوەشاوەیی دوو سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دنیایە کە لە وڵاتانێکدا بەئەندازەی پێویست ببنە هێز. ئەمە کۆمۆنیزم زیندوو ئەکاتەوە، تیۆری مارکسیزم زیندوو ئەکاتەوە، مانیفێست زیندوو ئەکاتەوە، کاپیتاڵ زیندوو ئەکاتەوە، ئەمە ئەرکی ئێمەو قەرزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانییە لای ئێمە کە بەهێز ببین. ئەوەندە بەسە کە دوو ساڵ لە گۆشەیەکی جیهاندا دەسەڵاتمان بەدەست بێت. سەرکەوتنی ئێمە لەشەڕی دەسەڵاتدا، یان تەنانەت شکست دان‌و وەدەرنانی کۆنەپەرستی لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆشەیەکی ئەو مەملەکەتەدا، چاوی خەڵکی جیهان بەڕووی کۆمۆنیزمی کرێکاریو حیزبە سەرکەوتووەکەی هەڵئەهێنیو ئەوسا ئێوە دەتوانن لەبارەی مارکسو لینینو ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیو مافی کرێکار لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ هەموو دنیا قسە بکەن. ئێمە، واتە ئەو حیزبانەی کە بتوانین لە کۆمەڵگادا ببینە دەسەلاتێك، کۆمۆنیزم زیندوو ئەکەینەوە. ئەمە تەنها وەلامی واقعی دوای هەرەسی بلۆکی رۆژهەلاتە. وەلامدانەوەکانی پاش هەرەسی بلۆکی رۆژهەلات وەلامدانەوەی تیۆریك نییە، وەلامە تیۆرییەکانیمان پێشتر داوەتەوەو دابووییانەوە. وەلامەکانی پاش هەرەسی بلۆکی رۆژهەلات وەلامی پراتیکین. پراتیکی بەمانای فراوانی وشەکە. وەلامی واقعی ئێمە بە زیندووکردنەوەی کۆمۆنیزم، دوای رووداوی هەرەسی بلۆکی رۆژهەلات، بەرپاکردنی ئەم ئالایەیە لە شوێنێك کە ژمارەیەکی ئەوتۆ لە خەڵکی، بەدەنگدانەوەیەکی بەئەندازەی پێویست گەورەوە، تیایدا بن کە ئەم کەوکەبە سەرنجی بچێتە سەر ئێمەو سەرهەڵدانەوەی ئێمە. ئەم کارە لە ئێمە ئەوەشێتەوە، راستییەکەی من نازانم چ حیزب گەلێکی دیکە لەدنیادا خەریکن ئەم کارە ئەکەن. بەلام ئەوە دەبینم کە لە ئاستی ولاتێکی وەکو ئێراندا ئێمە ئەم توانایەمان هەیە. ئەمە رێکخراوێکە کە ئەم توانایەی هەیە کە کارێکی ئیجابی لەو ئاستەدا کە من باسم کرد ئەنجام بدات. بەجۆرێك کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەشێوەیەکی گشتی ئاستێك بباتە سەرەوە.

ئەو ئەرکەی کە ئەمڕۆ لەبەردەمماندایە سوود وەرگرتنە لەم سەرمایە بیست ساڵەیە، لەم هەستە بیست ساڵەیە، لەم ئەزموونە بیست ساڵەیە، سوود وەرگرتنە لەم هێزانەی کە بەدرێژایی ئەم سالانە کۆبوونەتەوەو خاراوبوون بۆ ئەنجامدانی کارێك لەدەرەوەی بازنەی ئەم نەرێتەداو لەدەرەوەی ئەم مێژووە پەراوێزکەوتووەدا. کارێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا. وە ئەمە کارێکە کە ئێمە دەستمان پێکردووەو هەموومان پێی سەربەرزین.

بەلام لە هەمانکاتدا ئێمە بەئەندازەی پێویست بەم قەڵەمڕەوانەدا ئاشنانین، پسپۆڕیمان نییە تیایاندا، شارەزای پێچوپەناکانی نین، دەبێ بەخێرایی فێری ببینو لە رەقیبەکانمان هۆشیارترو چالاکتر بین، داهێنەرتر بین. دنیایەك کار لەم رێگایەدا هەیەو دەمەوێ دواتر لەم دانیشتنەدا لەسەر ئەبعادە جیاجیاکانی هەڵوێستە بکەین.

**ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لە "انترسیونال"ی ژمارە 29ی ئایاری 1999دا بلاوکراوەتەوە.**

**((سەعید ئەحمەد))**

**لە فارسـییەوە کردوویەتی بە کوردی**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com